www.kurdistannet.org
28-10-2006 10:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ماموٚستا عەبدوڵا حەسەنزادە و... ! نەکەرۆز

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی رەسەنی نێو کۆمەڵگای کوردییە کە لە پێناو گەیشتنی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و بگرە لە چوارپارچەدا، ئەوەی بۆی لواوە کردوویەتی و لەو پێناوەشدا مێژووی گەلی مە گەواهی ئەوەیە کە ئەو حیزبە چەندە بە پرنسیپ و بەرپرس بووە! بێگوومان ئەم حیزبە لە کەموکۆڕیش بێبەش نەبووە و لە مێژووی 61 ساڵەی تەمەنی خۆیدا تووشی هەوراز و نشێوی زۆر هاتووە. لە پاش لەداردرانی پێشەوای حیزب و گەل، قازی مووحەممەد و رێبەرانی دیکەی ئەو سەردەمە، کۆمەڵە لاوێکی ئەندام لە یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، توانییان جڵەوی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەدەست گرن و بۆ جارێکی دیکە ئەو حیزبە لە جاران زیاتر بەهێزتر بکەن و بیهێننەوە گۆڕەپانی خەبات و ئەمجارەیان بە پێچەوانەی جاران کە تەنیا لە هەرێمی موکریان زیاتر نفووزی هەبوو، توانی بە بەربڵاوی هەموو کوردستانی ئێران بتەنێتەوە و سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییانەی کە بە سەریدا هات و هێنرا، توانی خۆی راگرێت و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر ببێت بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. نامەوێت بچمەوە بە مێژووی دوور و نزیکی ئەم حیزبە. لە بەرئەوەی لە لای هەمووان وەک رۆژی رووناک مێژووەکەی دیار و بەرچاوە! ئەوەی کە جێگای زیاتر باس و سەرنجە ئەو بارودۆخەیە کە ئەم حیزبەی پێدا تێدەپەڕێت!

پاش کۆنگرەی 13ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەر ماڵپەڕەکان بابەت لە سەر ئەم حیزبە دەبینرا و وردە وردە ئەو کەسانەی کە ئەم بابەتانەیان دەنووسی، دەرکەوت لە خوودی پەیکەرەی ئەم حیزبەوە شتەکان دەدەنە دەرەوە و باسە نێوخۆییەکانی حیزبەکەیان دەخەنە بەردەستی خەڵکی دیکە. دیارە باسکردن لە کێشەکان و رەخنە گرتنو پێشنیاردان، بابەتێک نییە کە تازە لە نێو ئەم حیزبەدا سەریهەڵدابێت. ئەو رەوتە ئێستا بووە بە کولتوور لە نێو حیزبێکی شۆڕشگێڕی وەک حیزبی دێموکراتدا! رازی نەبوونی کۆمەڵێک ئەندام لە نێو ئەو حیزبەدا بەو ئاڵوگۆڕە نوێیەی نێو حیزب و گوێنەدانە بەرنامەو پێرەوی حیزب و خۆ تووڕە کردن و هەوڵدان بۆ ناچارکردنی رێبەرایەتی حیزب بۆ شکاندنی بریاراتەکانی کۆنگرە، ئەو کۆمەڵە کێشەیە بوون کە وردە وردە رێگایان بۆ ئەوە کردەوە دەستی لایەنە حیزبییەکانی دیکەی باشووری کوردستان بکەوێتە نێو باس و کێشەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە راستیدا گەر سەرنج بدەینە ئاکامی کۆنگرە، روون دەبێتەوە کە ئەوەی لە کۆنگرەدا سەرکەوتووە، لایەنی زۆرایەتی پێکهاتەی ئەو حیزبەیە و بە پێی بەرنامە و پێرەویش گەر بووە، کەمینە پێرەوی لە بریاراتەکانی زۆرینە دەکات. ئالێرەدا وەدیار دەکەوێت کە زۆرینە پێویستی بەوە نابێت پەنا ببات بۆ لایەنێکی دیکە بۆ ئەوەی خۆی پێ بسەپێنێت! لە بەر ئەوەی پێویستی پێی نییە! وەهەروەها هەر بەو سەرنجە دەتوانین بچینەوە بۆ جەوی پێش کۆنگرە! گەر ئەو زۆرینەیە کە پێشتر کەمینە بوو، بە پێویستیزانیبا دەستی لایەنێکی دیکە بێنێتە نێو کێشەکان بۆ ئەوەی ببێت بە زۆرینە، دەبووە کارێکی زۆر هەڵە! بەڵام ئەوەی کە روونە، ئەوان ئەو کاتەش کە کەمینە بوونە، قەت ئاوا بەرنامە و پێرە و بنەما تەشکیلاتییەکانی ئەو حیزبەیان نەهێناوەتە ژێر پرسیار و بە بەردەوامی کاری خۆشیان کردووە! هەر ئەوەی کە ئەوان لە کۆنگرەی 13 ی ئەو حیزبەدا بوون بە زۆرینە لە نێو قەوارە و پێکهاتەی ئەو حیزبەدا، نیشاندەری ئەوەیە کە ئەوان کاریان کردووە و بە بەرنامە رۆیشتوونەتە پێش و نەشیانویستووە خەڵکانی دیکە بێنن و بیانکەن بە ئەهرومی فشار بۆ سەر رێبەرایەتی ئەوکاتی حیزب. هێشتا کە کۆنگرە نەگیرابوو، بەرێز ماموٚستا عەبدوڵا حەسەنزادە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەرگای کرانەوەی باسە مێدیاییەکانی بە سەر هەموو کون کەلەبەرەکانی ئەم

حیزبەدا کردەوە و وایکرد کە جەوێک لە نێو ئەندامانی حیزبیدا دروست بێت لایەن و لایەنبازی زیاتر بە هێز بێت و هەر لە سەرەتاوە هەوڵی جوانەمەرگ کردنی رێبەرایەتی پاش کۆنگرەی دەدا! بە باوەڕی من وا بیری دەکردەوە کە ئەوانەی بە دڵی ئەو نین دەسەڵات بە دەست نەگرن و یان گەر دەسەڵاتیش بەدەست دەگرن بەرد بخاتە سەر رێگایان و ناچاریان بکات بۆ ئەوەی واز لەو دەسەڵاتە بێنن! کەواتە دەتوانین بڵێین دەرگای ئەم هەموو کێشانە لەو هەنگاوانەی مامۆستا عەبدوڵاوە کرانەوە! دیارە ئەو بەڕێزە ساڵانێکی زۆر لە پێناو دۆزی کورد و سەرکەوتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا خەباتی بێووچانی هەبووە. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە دەرگای رەخنەی بەسەردا نەکرێتەوە و باس لە کەموکۆڕییەکانی نەکرێت!

بە باوەڕی نووسەری ئەم دێڕانە، ئەو بەڕێزە تەحەمولی ئەوەی نەدەکرد کە کاک موستەفا ببێت بە سکرتێری ئەو حیزبە و کۆمەڵێک کەس ببن بە هاوکاری و ئەویش دەستی لە بنی هەوانەکەوە دەرچێت و توانای ئیجرایی و ئۆرگانی لەو ئۆرگانەدا کەم بێتەوە! بۆیە ئەو هات و لە گەڵ ئەو هاوڕێیانە، واتە هاوڕێیانی رێبەرایەتی شۆڕشگێر کە گەڕانەوە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێکەوتن و هەوڵیاندا کە کۆمەڵێک سووژە بدۆزنەوە بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ رێبەرایەتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. نموونەی ئەو سووژانە دەتوانرێت لە نامە 11 لاپەڕەییەکەی کاک حوسێن مەدەنیدا ببینرێت، کە بۆ هاوڕی خۆشەویستەکانی ناردبوو!

لەوێدا ئەو هەوڵی دابوو کە بە هاندانی هەست و سۆزی ناوەندی گەرایی و مەهابادی گەرایی سەرنجی ئەندامانی حیزبی سەر بەو ناوچانە بۆ لای خۆی راکێشێت و... هتد!

بەڵام ئایا بەراستی ئەوەیە موبارزەی دەروون حیزبی؟ بە لای منەوە سەیرە کە لەم سەردەمەدا بتەوێت ئەندامانی حیزبێکی پێشڕەوی وەک حیزبی دێموکرات، ئاوەز بدزی و بەرەو پاشەوەیان ببەیەوە! دیارە لەوانەیە کاک حوسێن ئەو سووژانەی بە سووژەی باش زانیبن! ئەوە لا کاتێکدایە کە ئەو بەڕێزە بۆ خۆی زۆر جار دەمی لە باس لەسەر کوردستانی گەورە و... داوە!

ئەو بەڕێزانە کە مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە دەمڕاستیانە، دەبوو وەک پێشوو لە نێو ئەو حیزبەدا هەم خزمەتی خۆیان بکەن و هەم هەوڵبدەن بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی داهاتوودا سەرکەون! بەڵام ئەوەی کە جێی پرسیارە ئەوەیە کە ئایا ئەوانە کە ئەو هەموو ساڵە لە رێبەرایەتی ئەو حیزبەدا بوونە، نازانن دڵسۆزی بۆ ئەو حیزبە چییە و چۆنە؟ ئایا ئەوانە نازانن موبارزەی دەروون حیزبی چییە یان دەزانن و ئێستا بە دڵیان نییە؟! بە باوەڕی من کەسایەتییەکی وەک مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، دەیتوانی ژیرانەتر لەوەی کە ئێستا دەیکات، موبارزەی دەروون حیزبیش بکات و نەشهێڵێت کۆمەڵێک کێشە لە نێو ئەو حیزبەدا سەرهەڵبدەن! بە پێچەوانەوە، ئەو نەیتوانی ئەو کەسایەتییەی کە هەیبوو لەم قۆناغەدا بیپارێزێت! بۆ؟ لووتبەرزی ئەو لە سیاسەتدا ئەو بارەی دا بە کۆڵیدا!

ئەوانەی کە ئێستا لە رێبەرایەتی ئەو حیزبەدان، زۆربەیان هەر ئەوانن کە پێشتریش لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵادا هەر ئەو حیزبەیان بەڕێوەبردووە و بێگومان ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەوانیش توانای بەڕێوەبەری ئەو حیزبەیان هەیە و گەر لە مامۆستا چاکتری بەڕێوەنەبەن، خراپتری بەڕێوە نابەن! ئەم دوو ساڵەش کە تێپەڕیوە لە کۆنگرەی 13 ئەوەی بە روونی نیشاندا کە سەرەڕای ئەو هەموو کیشەیە کە کەمینە حیزبی دێموکرات، بۆیان ساز کردن، رێبەرایەتی ئەو حیزبە زۆر کاری ئەرێنی کردووە و سەرکەوتنی بەرچاوی بۆ حیزبی دیموکرات مسۆگەر کردووە! لەوانەیە گەر هاوڕێیەکی باڵی کەمینە ئەم بابەتە بخوێنێتەوە، زوو هەڵچێت و بڵێت نا و... !

دیارە لە بەڕێوەبەری رێبەرایەتی ئێستاشدا کەموکۆڕی هەیە! بەڵام بە راستی ئەو هاوڕێیانە کە کەمینەی نێو حیزبی دێموکراتن، سەرپێچییەکانیان لە سنوور رۆیشتۆتە دەرەوە و بە باوەڕی من حزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەو حاڵەش مەیدانی زۆری پێداون! ئەوان دەردەبڕن، دەنووسن، کار ناکەن، کۆڕو کۆبوونەوەی جیا جیا لە دەرەوەی تەشکیلاتی ئەو حیزبە بە پێی دلی خۆیان پێکدێنن کە چی دەشڵێن لە نێو حیزبی دێموکراتدا پاوانخواز هەیە و ئەو پاوانخوازەش، دەسەڵاتە! ئەوان، واتە کەمینەی نێو حیزبی دێموکرات، کۆمەڵێک خاڵیان دابووە ریبەری حیزب و داوایان کردبوو لە سەر ئەو خاڵانە رێکەون! ئایا کۆنگرە بەرزترین ئورگانی حیزبی نییە؟ ئایا بەرنامە و پێرە و پەسەندکراوی کۆنگرە نییە؟ ئایا ئەو هاوڕێیانە بەشداری کۆنگر نەبوونە بە هەموو هێزێکەوە و دەنگیان بەو بەرنامە و پێڕەوە نەداوە؟ گەر وەلام، بەڵێیە، ئیدی ئەو ویستە بۆ رێکەوتن لە سەر چ بنەمایەکە؟ دیارە ئەوەی کە ئەو بەرێزانە پێشنیاراین داوە، واتە رێکەوتن، پرستیژ و سیاسەتە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە تەواوی دێنێتە ژێر پرسیار و ئەودەم گەر لە سیستێمێکدا رێکەوتن ببێت بە کەڵەگای مەیدانی نێو حیزبێک، دەتوانین بڵێین جێگاپێ بە دیموکراسی و دەنگدان و هەڵبژاردن و... لێژ دەکرێت! لێرەدایە کە ئیدی کۆنگرە و... هیچ مانایەکیان نامێنێت!

ئەوان هەوڵیاندا کە دەست بخەنە نێو لاوانیشەوە و لەو کارتەش، واتە کارتی لاوانیش بە کار بێنن و کێشەسازی بن و سەرچاوەی کێشەکانیش بکەن رێبەرایەتی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! لە راستیشدا ئەو کارەیان کرد! ئەوان توانییان کاک رەحمان سەلیمی کە ئێستاشی لە گەڵ بێت، دوو ساڵ نییە کە بووە بە ئەندامی لاوان، لە رێگا لادەن و کەڵک لەو کەم ئەزموونییەی ئەو بەرێزە وەرگرن و بیدەن بە گژ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا! دیارە سەیر لەوەدایە کە ئەو هاوڕێیە بووە بە سکرتێری گشتی یەکێتی لاوان!

بە پێی ئەو زانیارییانەی کەوتوونەتە دەستی من، ئەو ئێستاشی لە گەڵ بێت هێشتا دوو ساڵ نییە کە ئەندامی یەکێتی لاوانە، کە چی ساڵێک و چەند مانگ پێش بووە بە سکرتێری گشتی لاوان! ئەوە لە کاتیکدایە لە برنامە و پێرەوی یەکێتی لاواندا ئاماژە دراوە بەوەی کە کەسێک دەتوانێت ببێت بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لاوان کە لانیکەم دوو ساڵ ئەندامی یەکێتی لاوان بووبێت! ئێستا ئەو نەک هەر ئەندامی کۆمیتەی گشتی، بگرە بووە بە سکرتێریش!

ئەو هەوڵانەی بەڕیز حەسەنزادە لە راستیدا رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر کەسایەتی سیاسی خۆی دێنێتە خوارێ و گەر بەو شێوەیەش بچێتە پێشێ لە داهاتوودا هەموو خزمەتەکانیشی دەکەونە ژێر پرسیار! بابەتێکی دیکە کە زیاتر باری سەرشانی مامۆستا عەبدوڵا قورستر دەکات، نزیکایەتی زۆری ئەوە لە لایەنێک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان! مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە روونکردنەوەیدا، نواندی کە چەندە ئەوان نزیکن بە عەبدوڵا حەسەنزادەوە و چۆن چرا سەوزیان پێداوە! ئەو روونکردنەوەیە نواندی کە یەکێتی نیشتمانی، هەر نەبێت، باڵێکی یەکێتی نیشتمانی چۆن دەیەوێت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرەو لاوازی بەرێت!

ئەوەش هەر دەبێت بە دەستکردی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە! دیارە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مێژوویەکی دوور و درێژی پێوەندییان پێکەوە هەیە! بەڵام ئەو روونکردنەوەیەی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی نیشانیدا کە ئەوان زیاتر مامۆستا عەبدوڵا گرنگە لە لایان نەک ئەو پێوەندییانە! وە هەروەها ئەوان سەرکەوتوویی ئەو پێوەندییانە لەمرۆدا، بۆ بوونی مەلا عەبدوڵا دەگەرێننەوە کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی کاک موستەفا هیجری و مامۆستا عەبدوڵا بە تەنیا نییە! ئەو حیزبە حیزبی بە هەزاران شەهید و بە ملیۆن مرۆڤی ئازادیخوازە!

راتە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە ئێستا لە باوشووری کوردستانن! بەڵام لە راستیدا ئەوان لە سەر بەشێک لە خاکی نیشتمانی خۆیان دەژین! ئەوانیش خەڵکیان هەیە و خاوەن خۆشەویستییەکی زۆر گەورەن!

www.kurdistannet.org

28-10-2006 10:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەرەشەکردنی یەکێتی نیشتمانی لە ئەوان، هیچ قازانجێکی بۆ یەکێتی نیشتمانی تێدا نییە! بێگومان ئەو هەرەشەیەی کە یەکێتی دەیکاتە سەر حیزبی دێموکرات، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە!

2006 .10 .27